
Worshep Love
2002-2003

# شــعر

# كڕنۆشى خۆشەويستى

لەئامادە كردنى

فـــەريدمحەمەد تاها بابان (تەنيا)

ريكەوتى- ٢٠٠٢ – ٢٠٠٣ هەولێر

ناوى كتيب : كرنۆشى خۆشه ويستى

بابەت : شـــيعر

زنجيرەى كتيبى : يەكەم

تيراژ : ٦٠٠٠)

نووسەر : فەريد محەممەد تاها ئەحمد ئيسماعيل وليد (بابان)

كۆمپيوتەر : دووبارە نووسينەوەى (فەريد تەنيا)

تابلۆيەكان : شــــاعير

شوين و سالى دەرچوون : هەولێر - ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٣

چاپ : لەبەرگ گرتنەوەى ئەم كتێبە پارێزراوە

Email: president.farid77@gmail.com

تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٧٧٣٤٤٦٠٠٩٦ ( واتس اب و ڤايبەر )

فيس بووك و تويتەر Farid Muhammed Taha Baban

كەناڵى يووتووب : فريد تەنيا - You Tube: Farid Tanya

ژمارەى سپاردنى (٤٠٢)

# پێشكەشە بەوكەسەى فێرە شعرى كردم ..



## چرپەیەک

پێشەکی :-

بەش بەحاڵی خۆم و ئەو کەسانەی کە لە گەڵیان دەژیم من تەنیا
داریێکی هەڵوەریوی پایزی خەمی سەر رووی ئەم زەمینە نیم ،بەڵکو
ئەم زەمینە پڕە لە دارو دارستان زۆر بە یان خەم لە پایز دە خۆن جا من
خەمم خەمی خەمی ئەو دارانەیە کە پێیان دە لێن دارە هە ڵوە ریوە
کان، بە لاّم من لقێک بووم لە دارێک لە دارستانی ئەم زە مینە یە ،
باخەوانیکی ڕێبوار بە ناو دارستانی قەدەرم دا هات گوزەری کرد
منی لە چەشنی لقێکی دارو هاو دارەکان بڕی، لە بیبانێکی ووشکی
بێ سەرووشوێن لە داری خەم منی متوربە کرد بێ ئەوەی بزانم پایز چیە،
بەلاّم پاش چەند سالێک بوومە خاوەن لق و پۆپ و ڕەنگ زەردی شیعرەکانی
ریز کردم لەسەر شۆستەکانی خەمی دڵی مندا منیش ناچار بووم گەلاّی
خەمەکان کۆبکەمەوە بیان سوتینم و تەنیاو دابڕاوو سەر لێشێواوەکانی
پێ گەرم بکەم وە لە کۆتایی دا سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە
بە هەرشێوە یەک بێ بە ئەم داستانە چڕو پڕە دادێن وە چاوە ڕێی ڕە خنە
گرانم نەوەک بۆ کوژانەوەم بەڵکوو بۆ گڕگرتن و بلێسە .



فەرید تەنیا

ڕێکەوت- ٢٠٠٢/٨/١٤

## ((ئەستێرەى شعرەكان ))

ووشەى شيبيعره كانم ،

له ئاسمانى دلّت

يەك يەك ..

ئەدرەوشێنەوه

*  *  *  *

زامەكان دلۆپ دلۆپ،

ئەچۆڕینەوە ..

ئەستێرەكانم ئاسمانیان سوور كردووە ..

تكایە تكا ..

تاكەی لەم خەوە هەڵناستیتەوە .

عیراق – هەولێر

ڕێكەوت – ١٩٩٨

## ((ئه‌م شه‌و ))

هه‌والێكى كتو پڕ هات !.
ئه‌م شه‌و ،
ووتم دياره دواين شه‌وه ..
به ئاسپايى ووتى ته‌نيا
ڕووت وه‌رنه گێڕى له دونيا
باوه‌ڕناكه‌م باوه‌ر نا ..
ڕاده كه‌م را ،
حه‌ز له گريان ناكه‌م نا ..
هيواو ئاواتم
به شه‌پۆلى ده‌رياى چاوه كانى دادا ..
نقووم و بىٚ سه‌رووشوێن كرا
لـــــه گريان هيچم بۆ نه‌ما .

عێراق – هه‌ولێر
ڕێكه‌وت – ١٩٩٩

## ((چەنگاڵی ئەوین ))

کــــه شەو و ،
خـــامۆشی ئـەم شـەوە دادێ
چـــەنگاڵی (مەڕگ)ی ئەوین ،
لــە ڕووحـــم گـیردەبـێــت ..
دوا ساتەکانی باوێـــشکی
تاریکی ئـــەم شـــــــەوە
خەریکە لە دێوانە یم بم باتەوە ..
پەیامی ڕۆژگـــــــــــارو
شەوگارە نا شادە کانم ،
ناگاتە بەر گوێچکـــــەت
تا ئـــاشـــنام بـــــکاتەوە .

عێراق – هەولێر
ڕێکەوتی – ٢٠٠٢

## (( رێی هات و نەهات ))

ڕێم کەوتە ناچاری ،
رێی ئوقیانووسێکی بێناو
نەخشە و کەنار ..
دەمزانی رێی هات و نە هاتە ..
پاپۆری عیشقم
گوزەری گەشتێکی نادیارە !
* * * *

ڕووبەندی گێژاوە ،
لە بەردە مم کۆسپێکە ..
ساتمەم پێ دەکات ،
لە هەگبەی گێژاوی
جوانە مەرگم دەکات .

عێراق – هەولێر
ڕێکەوت – ٢٠٠٢

## ((ديوانى ڕووخاوم))

له مات و بىٚ دەنگيم
له گريانى كپى بىٚ ڕه نگيم
وەك سەرخۆشيٚكى مەيخانه
وەك كۆتريٚكى بىٚ لانه ،
دەگەريٚمەوه ناو ژوورى ناچارم ..
ديوانى ڕووخاوم
ديٚته بەر دەستى شكاوم .

عيٚراق – هەوليٚر
ريٚكەوت – ١٩٩٩

## ((كێ دەتوانی ))

پاش كۆچ كردنت ،
كێ دەتوانێ جێت بگرێتەوە..
لە ئە رزی دڵی وێرانم ،
هەر تۆ جێگات دە بیتەوە ..
تا ئیستاش حەزی مانیافم
لە دەوری پەرستگات
تەواف دە كات،
داوای گە رانەوەی ئەوەی
پەیامی ئەم عیشقەت لێ دە كات .

ئیران (سە لماس)
رێكەوت – ٢٠٠١

((بۆ شەرم لە ئاسمانی دڵم ناکەی ))

ئــــــــــاخ بە ســـــەرم ..
ئەم ساتە دواین ساتی بەد بەختیمە ،
بارانی ڕەحمەتت ،
چیتر بە سەر ووڵاتی ووشکم ناباریێنیٚ..
کۆچی سنووری تاوان دەکەی ..
تارای سپیت ،
لە ئاسمانی دڵم ڕەش دەکەی ..
ئەلقەی تاوان لە دەست دەکەی،
*   *   *   *

له ئاسمانى دلّم ..
پەلكه زيرنەى دەستت ،
پێم نـــيشـــــان ده دەى !؟.
بۆشەرم له ئاسملنى دلّم ناكەى ؟.
گەردوون پڕ تاوان ده كەى ،
چاوى حەزم پڕ له ئەسرين دەكەى ..
چاوى حەزم پڕله ئەسرين ده كەى .

توركيا – ئەستنبولّ
رێكەوت –٢٠٠٢

((بەفری خەمت ))

بەفری خەمت ،
لووتکەی سەری دا گرتووم ..
دیمەنی خەمی پۆشیوە ،
چاوەریی لافاوی عشقم،
بەفری لووتکەی سەری سەختم ڕامالّی ..
بۆ دۆڵی تاوان سنووری بۆ دانی ..
* * * *

له تاريكستانى ئه‌م شه‌وه

له بنارى سينگى خۆته‌وه ،

سه‌رم ڕه‌ش كه‌وه .

سه‌رم ڕه‌ش كه‌وه ..

توركيا – وان

رێكه‌وتى – ٢٠٠٢

ئەم شیعرە پێشکەشە بە هاوڕێ هاو ڕێگام عماد حسن محەمەد

((پێت ووتم ))

تۆ ناهێڵی گەورە بم و
چڕۆ بکەم ،
پێت ووتم منالی !؟.
دان بەوە دادەنێم
کە منالێکی چە تۆونم ..
دەمی شیعرم
لە سینەت نابیتەوە ،
من گەورەو بێلاقم ..
* * * *

بەڵام تۆ لە شیری دەمە خۆرەم
جیاناکەیتەوە ..
مەمکی تامەزرۆت ،
لە دەمم نابیتەوە ..
لە دەمم نابیتەوە .

عێراق – هەولێر
رێکەوت – ٢٠٠١

## ((له ترازانی خەوەكانم ))

شەو نیه چەند مۆمێكی
تەمەن كوورت نەدرەوشێنمەوە ..
بۆ قوربانی چاوە گە شەكانت ،
بۆ ڕووناكی خەڵوەتی
قاشق بوون بە چاوە جوانەكانت ..
لە هەمووشەوێك ،
بەژنی لاولاوت ..
* * * *

له قەدى مۆمى تەمەن كورتى چەند سات
قەدەكانت ليّم گرِێ دەدەى ..،
له توانەوەى چركه خيّرايەكانم
لەترازانى خەونەكانم ..
بەژن و بالاّى شۆڕەبيت ،
سەراو ژوورو ،
وون دە بيت ..
وون دەبيّت .

عيّراق - هەوليّر
ريّكەوت- ٢٠٠٢

## ((خيانەتى سياى چاوە كانت بوو ))

بيست و دووساڵ ..
تيرى سياى چاوى خيانەتت ..
تيربارانى دڵى ڕماويان كردم ..
ووڵاتى دڵم ..
گشتى شيعرو گۆرانى بوون
بەردەوام مارشى خۆشەويستيان دەووت ..
* * * *

وون و دەربەدەر بوون ،

وولاَتی کەساس !.

وولاَتی بیٚ ئاگا

له نمایشه بیٚ به رائه تەکان

خیانەت و درۆی گەورەی له گەلٚ کرا

عیشقم ..

*   *   *   *

ئەوەى ياد گارى شيعرە كان بوو سووتا ..

ئەوەى ستران بوو سەربڕا ..

ڕووناكى سنوورەكان ،

ڕووناكيان نەما ..

پايتەختى عشقى دلم گيرا ..

پاشان ئالآى وولآتم ،

سەرى نايەوە و سووتا

* * * *

پاش وێران و ڕووخان ،
پاش سووتان و تاوان ..
سنووری وولاّتی خۆمم به زاند ..
بۆ زمانێکی نویّ ..
بەروهەندەران و سەر هەڵگتن و سەرگەردان .

ئێران – مەهابات
ڕێکەوت – ٢٠٠١

## ((دڵنیام))

ئەم دەزانى وولاَتێكى بىَ سنوورى ..
تەنیا بۆ خۆ نمایشكردن و پارە و پوولى ..
ئەم دەزانى ،
گیانە ئەم دەزانى پارە لات ،
سنوورى ئالآو والآیە ..
*   *   *   *

بەڵام دەسەڵاتت ،
دەسەڵاتيكى ناڕەوايە ..
چەند چار گيانە ..
وەكو ڕێبواريكى ڕێگاى دوورى
بە پەلە خۆم كوتايە
ناو ئەشكەوتى حەزت بە هەڵە ..

بێ گومانم له تاوانت ..

تاوانبارى به پێنووسى حاكميكى وەك منى عاشق .

ئێستا منيش وەك تاوان بار سەير دە كرێم ..

تاوانبارى كاتێك دێتەوە ..

به سەرشۆڕى و شەرمەزاريەوە ،

سولتەى بەردەستت دە دەيە بەر دەستم ،

خۆت حوكمى تاوان دەكەى له خۆتەوە ..

*    *    *    *

بەڵام گيانە ..

ئەگەر گۆراشم

دڵنيام هەربە زەييم و ،

هەركورە كەى جارانتم ..

ئەوپەرى تەوژم و

لێزمەى بارانتم .. ليزمەى بارانتم .

عيراق- هەلێر

رێكەوت - ٢٠٠٢

## ((سوتاوم لەم دۆزەخە ))

مەحاڵە مەحاڵ ،
بە هەمووتوانام ناتوانم دەستت لێ دەردەم ..
بەناچارى دەگەڕێمەوە ،
کەلاوەى عەشقت ..
دەرگاى ڕقى لە خۆبايى بوونت ..
بەڕووى چاوم دادەدەيتەوە !.
حەزو بينينت ڕامدەكيشى ،
بۆ تەلەسمى خۆيەوە ..
هاوارە خودايە هاوار .
لە هەزاران سەداى دەنگم ..
دەرمبينە لەم دۆزەخە .

توركيا- وان
ڕێكەوت – ٢٠٠١

## ((ڕازی دڵت له بوون مایه ))

به مەرەکەبی ڕشی ڕەنگم
وەک منی خەمناک ..
نووکی پێنووسی عەودالْم ،
لەسەر ئاسمانی سپی بەردەستم ..
شەو نیە چەند پەیڤێک
نەدرەوشێنمەوە لە تیا نووسی ئوقیانووسی غوربەتت ..
*   *   *   *

بۆهەستی شەشەمم !.

بێگومان بە گیانە ..

گریانی بە کوولّم ،

کۆت و زنجیر و بەندکراوە ..

ناگاتە تاڤگەی چاوەووشکەکانم،

لە بەنداوەکانی هەناوم ..

* * * *

سەقام گیر بووە ..
گۆمی ژهراوی لافاو ناکات
ئەوحاڵە بەردەوام بیت
تا خۆری قیامەت پێچەوانە دە بیتەوە ..
بێ گوومان بە ..
ئەوەی لەسەرت دە نووسێت وقسەت لە گەڵ دەکات .
بە شازی خۆی دە فەوتینیت ..
ئەگەر یەک مەلە باز نەبیت
گرینگ نیە ،
ئەویش دەستی دەرباز بوونی ئەوینتە .

عێراق – هەولێر
ڕێکەوت ٢٠٠٢

## ((خۆم بزرکردووه))

له وەتەی خۆم ناسوه کەمناڵبووم ..
بەقەدەر تۆسقاڵێک خۆشیم نەدیوه ،
ئەی خاوەنی هەمووخاوەنداره کان ..
بۆ خەمەکانم ،
ورزی وەرین بێنه ..
خەمەکانم له بناغەدا هەڵوەرێنه ..
بەهاری تەمەن درێـــــژ بکەوه ،
گوڵی هیوام برووێنه..
لێوی یاخیم به خەندە بینه ..
*    *    *    *

دالغەی کاتە بێ ئاگایە کانم ،

بە ئاگا بێنە ..

لە بیابانی دڵم ڕێگام لێ وون بووە ..

*    *    *    *

تا خۆشم لى بزر كردووە ..

گەردە لوولى نە هامەتى

سەرى لێشێواندووم وگێژ بووم

كاتێك دەخەوم

خەمەكان لەگەڵ خۆم دەبەم ..

دەكەومە ژێر لمى خەمەكان ..

كە بە ئاگادێمەوە ،

لە خەونە بێوارە كان ..

* * * *

سەر لە نوێ کارم لێ دەکەنەوە ..
زیندان بۆتە قەبری ژینی نەزۆکم ..
تازەش پێتان وایە کۆتایم سەرەتای
ئەم عیشقە بهێنیتەوە .

عێراق – زیندانی مەسیف سەلاحەدین
ڕێکەوت – ٢٠٠٢

## ((دیمەنێک ))

له سەفەر ..
بە رەو ژووری دەروازەی سنووری هیوا ،
چاوم کەوتە سەر کچێکی هاو شێوە ..
وەک بڵێی شێت بووم بۆی ..
دڵی حەزی کویرم لێ گۆڕا ،
ویستی بەرەو تەلەسمی حەزی خۆیم ببات ،
لێی چوومە پێش ،
ووتم هەڵی هەڵە مەبە ..
ڕستە هاو شێوەی لە خۆی گرتووە ،
* * * *

بەلاّم داخی گەورەم ..

حەزم لەسەرەنجی تۆ ،

زۆر گەورە ترە ..

کلیلی کەلەپچەی لای یە کیّکی ترە ..

پاشان کپ کەوتوو ،

کەوتمە ژیّر پیّخەقی

نوقمی دەریا وەک تەرمیّکی ریّبەری عەشق ..

بە خیّر یەکی هە لّم بگریّتەوە.

تورکیا بە رە و ئیتالیا

ریّکەوت – ٢٠٠٢

سەرەنجێک – هاوشێوەی ئەوین لە سرووشتی سەفەر بە قەدەر

((له جامى خه مى تۆ دا ..))

شەوێک بوو ..

گیانە ،

لە گەڕانەوەی  نامەی بەد بە ختیم !.

لە جامی خەمی تۆ ..

ئەشکی خۆم دەخواردەوە ،

*   *   *   *

ووشه زمداره‌كانت ..

هه‌گبه‌ى خه‌ميان پڕتر كردم ..

له پيێكم ده‌رژانه‌وه !.

لۆمه‌م مه‌كه به هه‌ڵه‌ش تيم مه‌گه من ناخۆمه‌وه ..

*   *   *   *

دەزانی بۆ وام ؟!.
دڵم پێت وه نووساوه ..
حەرام بوونی عەشق تەنها لە من حەڵاڵە
چونکە من لە ڕێی ئەم عیشقە
بە نیوان خۆم و زۆ زان خودام یەکەم داناوه ..
لە عەشق گونەهـ بوون مەحاڵە ..
بەڵام عەشق لە سەری داوم.
* * * *

نووسی بووت كه نێون من تۆ تەواو بوو ..

منیش ووتم ..

دە مزانی شەنسم نیە لە گرەوی دڵ شكان

*  *  *  *

خەندى ليۆت تاساندم بە وەى

ووشەكان بوون بە هەتيو

ووتيان هە تيو مان مەكە ..

لە ژێر كەوشى لە خۆ بيى بوونت فرمان مەدە .

عێراق – هەولێر

رێكەوت – ٢٠٠١

## ((تاكەى ))

گيانەكەم ،

تاكەى حەشارگەى دڵى خۆمت كەم ..

سنوورى دڵم ببەزينە !.

* * * *

وەرە باوەشى جيهانێكى شنيارى چاوەڕوانيم ..

دەگەيتە بەهار ..

پازدەدەى دەچيە سەر وەرزە ،

نامۆيە نووقم بووەكانى دڵى زامدار !.

بۆ بيست دووساڵ .. بيست و دووساڵ

يەك ئخوێنينەوە ،

*   *   *   *

خوێندنى هەمووعاشقە سەر سەختەكان

كۆتايان هات ..

بەڵام سەر سوڕمانە سەر سورمان !.

نازانم عيشق و خۆشە ويستى ،

من و تۆ كۆتايى نەهات !.

عێراق – هەولێر

رێكەوت – ٢٠٠١

((دایکی شیعر))

تۆ له گەڵ من ..
خائین و بیۆەفابووی ،
نەدە با ،
شیعرە بێ تاوان و گوناهەکانم ..
(گوناهـ) بار بکەی ،
* * * *

چونكه ووشەكانم ،
له تۆ له دايك بوون ،
دايكى شيعره كان بووى ..
فێرى ئامێزى خۆت كردن .
* * * *

بەڵام دايكێكى بێ وەفا و بێ جەفابووى ،

جا ووشەى شيعرە كانت ڕووخاندم ..

تابلۆى ژيانت كەتاندم ..

گوڵى سوورت وەراندم ..

درختى خۆشه ويستيت هەژاندم ،

* * * *

ئیستاش گیانه ..
بەهارم زستانیکی زۆر سەختە
بە شەماڵی بێ وەفایی
شەمعی شەوانت کوژاندمەوە ..
ئەکاتە لە تاریکی خۆم ئەبینمەوە .

تورکیا – ئەستەنبۆڵ
رێکەوتی – ٢٠٠١

## ((سەری سەختم ))

لە لووتکەی بیرۆکە
شێتەکانی سەری سەختم ..
خەوتوویە ناو خەرەندی چاوە کانم ..
بەدوای خۆت دابگەرێی
بۆ دەرباز بوونت ..
خۆت وون کردووە ،
دوا منزڵت لەوێ داناوە ..
قەدەریش ناتوانیت
دەرت بێنێ
لە ژووری داخراوی
بێ دەروازەی چاوەکانم ،
خۆت دەر بێنە
جامنیش وازت لێ دەهێنم
تەنها مەرگە سات نەبێ ،
مردیشم !؟.
توخوا وسیەت ..
لە زەوی بناری کێوی خۆشەویستیت بمشارەوە .

عێراق – هەولێر
رێکەوت – ٢٠٠١

## (( بيره وه‌ريه بينازه‌كان ))

هه‌ر كاتێك كه ..
له بيره وه‌رييم ،
سه‌مفۆنياى نه‌وارى ،
خه‌مه بێ گوڵاجه كانى ،
ئه‌وينم لێ ئه‌دةمه‌وه ..
گه‌ڵا ريزان له سه‌ر شۆسته‌كانى دڵم ،
سه‌ر له نوى ڕيز ده‌بنه‌وه .

عيراق – هه‌ولێر
رێكه‌وت – ٢٠٠٢

((مەرگ بڕ))

له كۆتايى مەرگ ..
كفنيش سەرەتايه له بەرگ ..
لافيتەى ڕەش ئالآيه ..
دەرگاش له بەردەم خەڵك والآيه ،
ڕۆڕۆرشيوەن و گريان سەداى داوه ..
*    *    *    *

له دەم و دەنگ دانەوەی

هاوخەمەکان ،

بەرەو گۆرستانە بەرە و گۆرستان ..

ئەم حەمە مەهێڵن لە بەر چاوان .

عێراق – زیندانی مەسیف سەلاحەدین

ڕێکەوت – ٢٠٠٢

پێشكه‌شه – به‌مه‌رگ و خۆڵكه‌ی سه‌ر سنگی فه‌نابوونی دایكم.

## (( گومانم لیٚ مه‌كه ))

گیانه تاكه‌ی گومان ،
ده‌رگای بیرو هۆشی داخستووی ..
له كۆشكی به‌رزی دڵی ،
مات و بیٚ ده‌نگیت ..
په‌نجه‌ره‌ی خه‌زت به‌ره‌و ئاسۆی
چاوه‌كانم بكه‌ره‌وه..
به‌ڵام گیانه ..
چاك ده‌زانم گویت
بۆ كه‌سانی دووړووی ده‌وروبه‌رت داوه
*   *   *   *

پاش دابرانی من و تۆ

قەڵای خۆشەویستیان داگیرکردووە

شەپۆلی دەریای چاوەکانم

کۆشکی بەرزی دڵتیان گەمارۆداوە ..

بەڵام گیانە ..

لەرۆژ ئاوایی نامۆیی دەریایی چاوەکانم

بەرەو شەوی تەنیایم دەبا

لەکەناری چاوەبێ نازەکانم ..

دڵۆپ دڵۆپ ..

فرمێسک فرێدەدا

عێراق – هەولێر

رێکەوت – ٢٠٠١

## ((تەنیام))

خۆری حەزت ،
رووناگی كزی غەریبیم
لە ئاسمانی عەشقت ..
خەریكە ئاوابی ،
مەهێڵە بەتەنیا ..
نامۆیم پێوە دیار بێ ..
رێی تاریكت
بەرەو دەریای عەشقت شەپۆلی
رووباری حەزم وون دەكا.

عێراق – هەولێر
رێكەوت – ٢٠٠٢

((دەمێكە نەم دیوى ))

گیانە ،
دەمێكە نەم دیوى ..
مەڵێ سەداو سۆزى عەشقى نەماوە ..
مەڵى ،،
داستانى حەزى سووتاو كوژاوە ..
مەڵێ ..
دەریاى حەزى ووشك بوو تەرى نەماوە ..
*　*　*　*

مەڵێ ..
لەزیندانی حەزم ڕۆیشتی و عەشقت بڕیەوە ..
بەڵاّم گیانە  چاک بزانە،
خۆ حکمی ئەبەدی چاوە کانتم هەر لە سەر ماوە .

تورکیا- ئەزمیر
ڕێکەوت - ٢٠٠٢

## ((خەونێكى ڕەش ))

هاو سنووری خەمین ،
ئاگر پچێنی خەمت ..
وولأتی دڵی ئاواره كردووه،
چۆن نەڵێم خەمم خەمی ئەو كەسانەیه ..
لەئەوینەكان ،
بەتەنیا لە سرووشەكانی خەڵوەتی
كاروان جیّ ماون ..
چۆن نەڵێم
باری قورسی خەمت لەسەر منه ..
* * * *

لەپاش ترازانێکی زۆر لە دیدەنە ،
لە شاری شنیاری وەفا عەشق
خەونێکی ڕەشی تازیە دارت
بانگی کردووم ..
لە خەودا بەجلە رەشەکەت
هاتیە لام ووتت ..
پەلەم لێ مەکە
منیش بە دوای وەفا دا گەرام
لافیتەی ڕەشم دیت و دابڕم .

عێراف - هەولێر
رێکەوت - ١٠-٨-٢٠٠٢

ئاماژەى ئەم شيعره خەونيێكى ڕسته پێش ئەوەى ڕووبدات .

((چراى رووناكيت))

دڵم ئاوێنەى تيشكى شەپۆڵى

دەرياى چاوه كانته ..

عەشقه مانيافەكەم

چراى ڕووناكى شەوانته

له ناكاو منت هينا

گەردەلوولى عەشقت

راپێچى كردم

بەره ئاسمانى دڵت

*   *   *   *

منت كرده ئەو تاڵە

داوە سووتاوەی مۆمی شەوانت

بۆچی كەلەپچەو زنجیر بكەنە هاوژینم ..

نەحەسایەوە دڵی غەمگینم ..

تاكەی چاوم لە ڕێگای

نهێنیەكەی دڵم بێ

ژینم خێرا خێرا ..

وابەرەو كۆتایی دێ .

عێراق – زیندانی مەسیف سەلاحەدین

ڕێكەوتی – ٢٠٠٢

## ((عەشقی نەزۆکم ))

لەو ساتەی شێر پەنجەی عیشق
سەرتاپای گیانی داگرتووم ..
کەوتمە بەردەستی حەکیمی دڵی زامدار ..
تا ئیستاش دڵ بەنجم لە ژێر دەستی
لە نەشتەرگەرییە سەختەکەی
خۆی لیم وون دەکات ..
تێنووسو پێنووسە ڕش پۆشەکەم
دڵم دە دەنەوە ..
پەیڤی شیعرە خەمبارە کان
وەڵآمم نادەنەوە .

عێراق – زیندانی مەسیف سە لاحەدین
ڕێکەوتی – ٢٠٠٢

((خاچى ئەوين))

قژى نازى ئەفسوناويت
دەمێکە لە خاچى داوم !.
خەندە درۆزنەکەت
هۆشى لێداماڵیوم ..
خاڵە کەى گەردەنت
دڵى کون کردووە
گوڵە نامۆیەکەى دەستت ،
هەناوى بردووە ..
عەشقى تێنووى تۆ
قوڕگى بە جارێک ووشک کر دووە ..
دیوانى شاعیرانم کۆ کردەوە ..
*   *   *   *

تەنیا باسی چاوه كانتم
به سەر كر دە وه
تۆش ئه زانی و نازانی
بێ ئاگای لەم خەونە .

عێراق – زیندانی مەسیف سەلاحەدین
ڕێكەوتی – ٢٠٠٢

## ((چۆڕینى زام ))

وا ون بووى ،
وه ده كهى نهت ناسمهوه ..
ههرگیز ..ههرگیز
بیرت لىّ نه كهمهوه
پهردهى ڕهشى تاریك
بهڕووى مانگى چواردهت دادامهوه ..
شێت شیداتم ..
به هیواى چركهیهكى چاو نووقانى
دیدهنى تۆم .
* * * *

وا پەرۆش نەبوومە
كەس بیزانی ..
وازامدار نە بوومە ،
كەس خۆی بەو زامە دیتبێ ..
تازە لە مەڕگە سات ڕاھاتووم ،
تازە بیتەوە یان نا !.
داستانی عیشقم
دیرۆكێكی بۆ خۆی تۆمار كر دووە ..
پڕ لە سەر سورمانی ئەفسانەو
ماڵ وێرانی و قوربەسەر خۆمەوە ..
بەڵام گیانە چاك بزانە ..
*   *   *   *

ئەم داستانە چڕو پڕە ..
زۆرها دلّدارى گوێ بيست
ڕێگاى ڕاست و چەوتيان
لێ سەراو ژوورو
وون و سەر كوت دە كات .

عێراق – هەولێر
ڕێكەوت – ٢٠٠٢

## ((تەونۆكەی كۆچت ))

كۆترێكی بێلانه بووی..
عیشقم له ئاسمانی بێسنوری
ماندوویی تۆی هێناوه ..
دڵی لانەی ماتم هەسایەوه ،
له خۆ بایی بوونی هەڵێفڕاندی !.
تەونی چاڵجالۆكەی
دابڕن و كۆچت ..
بوونه تۆزو غوباری كەلاوەی كەله پووری
پڕابردووی عەشقت
بۆعاشقان جێماوه .

عێراق – هەولێر
رێكەوت – ٢٠٠٢

## ((كى وەك من ))

كێ وەك من ..
بيناى وەفاى بۆ عەشقت درووست كر دووە ..

كێ وەك من ..
كۆشكى خۆشه ويستى لە ئاسمانى دڵت بڵند كردووە ..

كێ وەك من ..
لە سه رينى تۆ ژيانى لە خۆى حەرام كردووە ..

* * * *

كىٚ وەك من ..

شيعرى بۆ چاوە گەشەكانتى ريز كر دووە ..

كىٚ وەك من ..

خۆى بە قوربانى تۆ كردووە..

خۆت باش دە زانى تەنيا هەر من

لە دوريانى بيٚوەفايى تۆ ،

خۆم بە دى كردووە .

عيٚراق – هەوليٚر

ريٚكەوت – ٢٠٠١

## (( له يادت چوو))

ئەو ڕۆژانەت لەیاد چوو ،
سەرت بە ژوانگای شیعرە کانت دادەدا ..
ماتە مینی عەشقت لە بیر چوو
لە گەڵ مردنی عەشقم
جلم ڕەش یوو ..
*    *    *    *

بۆ حەزی خۆت
منت بە فێڵ بردە سەر دەریای عەشقت ..
تەرمت نە هێنامەوە ..
چۆن چووم و ئەوەهاش نە هاتمەوە .

عێراق – هەولێر
ڕێکەوت – ٢٠٠٢

## ((ئەم جارە ئە گەر نەيتەوە ))

بێ ڕەنگی و ،
بێ دەنگی ..
بۆ دەنگت نایێ
ئەزانم پەشۆكی و چاوت هە ڵنایێ ..
بێگومانم تەمی نادیاری ،
عەشقت منی لە چاوانت فەنابوون كردووە ..
ئەم جارە ئەگەر نێتەوە ..
گرۆدەكەم لە گەڵ قەدەر..
سەفەری نادیاری كۆچ و دابڕانت ..
*   *   *   *

دەستم ڕادەکیشێ و دەمبا
بارگەی چاوەڕوانیم نەما ..
ئەوەی نازی عیشق داوای لێکردم بۆم هێنا
ئەرکی لە سەر شانی شە کەتم نەما .

عێراق - هەولێر
رێکەوت - ٢٠٠٢

((بۆ بىَ وه فا))

له دادگاى عاشقان ..
خۆزگه وەفا حاكم بايه !.
عاشقيكى وەك من و تۆى
حوكم كردبايه .

عيّراق - هەوليّر
ريّكەوت - ١١-٥-٢٠٠٢

## ئاماژەیە بۆ کەسانەی بێ وەفان

## ((بۆ ئەو كە سانەى گولّ دە چينن ))

زۆر جار باخەوان ..
لە باخەكەيدا ،
گولّ دە چينىّ ..
درِك لە پە نايەك ،
وەكو زۆلّ شين دەبىّ
ئەگەر ليّى بى ئاگابى ..
نەيسووتيّنى زەرد دەبى .

عيّراق – هەوليّر
لإيّكەوت – ٢٧– ٥–٢٠٠٢

## ((له سێ گۆشەی بەرمۆدەی حەزت ))

ئای چەند ئەکەم
له سێگۆشەی بەرمۆدەی حەزت
مەله بکەم
له هەمووگۆشەکانی سنورت ..
دێم و دەگەرێمەوە ،
بەڵام ئەم جارە شەرت بێ
تەلەسمی نر سناکت بووەستێنم ..
گەردەلولی سامناکت
بێ سام بکەم ..
* * * *

زۆر له ئەوينان بوونه قوربانيت

بەڵام ئەوكەسە نيم

بم كەيە قوربانى ،

بوومە قوربانيش ..

خۆدە ليّم كەوتمە بەر

ريّژنەى پەشيمانيتەوە .

عيّراق – هەوليّر

ريّكەوت – ٢٠٠٢

---

مەبەست لە سيّگۆشەى بەرمۆدە (مثلث برمودة)يە

كە تا ئيستا نهيّنى ترسناكى ئەو دەريايە نە دۆزراوەتەوە .

## ((حالّی سفر))

تۆی گۆڕاو ..
منی دۆڕوی گۆڕاوی عەشقت ..
هەمووژیانم لە سەرینی عەشق
یەکسانی تۆی بەبێ زە یی کرد ..
تۆی بێوەفاش خالّی سفر کرد .

سفر : ١٠٠٠٠٠ = سفر

عێراق – هەولێر
ڕێکەوت – ١-٩ – ٢٠٠٢

## (( ڕێگا ))

هەموورۆژێک ..
لەسەر شەقامە گەلاٚ هەلٚوەریوە کانی ڕێت
چاوەرێم دەکردی،
خەونە کانت چرۆ یان دە کرد ..
هەمووشەویٚ لە هەنگاوی ئەوینمدا
چیایەکیان دە هینا ڕێگا..
لە چیا بۆ زەریا ..
لە وەریا بۆ دۆلٚ و دەشت ..
لە دەشتیش ..
بوومە کەوشی دیٚوانە لە ڕیٚگات .

عیٚراق – هەولیٚر
ریٚکەوت – ١٧-٥-٢٠٠٢

## (( دوو جەمسەری جیا ))

سەر گەردانم لەم دونیایە دا ..
کەوتووەمە نێوان
پەرستنی خودا و دۆزەخی ئەوین
نازانم خودا بپەرستم
یان لەژێر فشاری ئەوکەسەبم
ئەکات ژمێری مردووەکانی
ڕبردووی ڕۆژگار ..
زیندوودەبنەوە ،
نە تازەش چخماخەی ئەوینیش
دادە گیرسینەوە .

عێراق - بەغدا
ڕێکەوت - ١٤- ٢ - ٢٠٠٢

## ((له دێرێکیان نوسراوی ))

نازانم له بەر چی ..
ئەوەندە دڵم لەلاتە ،
دەلیّم بلّیّم دلّنیام ..
له نیّو چەوانم یەک له دیّرەکان ..
بە پیّنووسی قەدەری پەروەردگار
له دیّریّکیان نوسراوی .

عیّراق - هەولیّر
ریّکەوت - ٢١-٥-٢٠٠٢

## ((له ڕێگایه کی دوور ))

ڕۆژی پیێکیێکی زۆر شه کەت و
ماندووی شه ویێکی ڕووش و دڵ شکاو
به لاملی گەڕانەوە
له ڕێکایەکی دووری هەرەس
هەرەسی ترسناکی دوور له کۆسپ ..
پەیامی خۆشه ویستیم ،
کەوتە ژێر کەوشی شلفه شۆخیکی دیوانە ..
*　*　*　*

لە خەنجەرى زوبانى دووڕووان
بەركەوتم ووشەى گومان ..
دەرنەهاتم لە بوومەلەرزەى زمان .

عێراق - بەغدا
ڕێكەوت - ٢٠٠٢-٢٠٠٣

سەرەنجێک :-

تێبینى یەکەم / ئەم شیعرانە لە نێوان ساڵانى (١٩٩٧-٢٠٠٢)
تووسراوون وە لە ڕۆژ نامە کان بڵاو کراونەوتەوە وەیەکەم
نامیلکەمە وە لە دا هاتووێکى نزیک  کتێبیکى تــــــرم
لە بەر دەست دایە .
دووەم / زۆربەى شیعرەکان دە شێن بۆ گۆرانى دەکرێت
بێ پرس بیکەن بە گۆرانى .

سوپاس و پى زانين بۆ ئەو هاوڕو دۆستانەى
كە لە دەركردنى ئەم ناميلكەيەدا يارمەتى
مەعنەويان داوم .

١- عيماد حسن محمد
٢- هاوڕى كاوه
٣- ئەمير عسمان

ژمارەى سپاردنى (٤٠٢)بۆ سالْى (٢٠٠٣)
لە بەرێوه بەرايەتى گشتى ئەدەب و هونەرى وەزارەتى
ڕۆشنبيرى هەرێمى كوردستان پىٚ دراوه .

# ناوەرۆك

ژ | شیعر | لاپەرە
---|---|---


پێشەكی ..........................................

١- ئەستێرەی شیعر..........................................

٢- ئەمشەو ..........................................

٣- چەنگاڵی ئەوین ..........................................

٤- ڕێی هات و نەهات ..........................................

٥- دیوانی ڕووخاوم ..........................................

٦- كێ دە توانی ..........................................

٧- بۆشەرم لە ئاسمانی دڵم ناكەی ..........................

٨- بەفری خەمت ..........................................

٩- پێت ووتم ..........................................

١٠- لە ترزانی خەونەكانم ..........................................

١١- خیانەتی چاوە كانت بوو ..........................................

١٢- دڵنیام ..........................................

١٣- سوتاوم لەم دۆزەخە ..........................................

١٤- رازی دڵم لە بوونتایە ..........................................

١٥- خۆم بزركردووە ..........................................

١٦- دیمەنێك ..........................................

١٧- لە جامی خەمی تۆ ..........................................

١٨- دایكی شیعر..........................................

١٩- سەری سەختم ..........................................

٢٠- بيرەوەريە بى نازە كان ..............................
٢١- مەرگ بڕ.............................................
٢٢- گومانم لىٚ مەكە ...............................
٢٣- تەنيام ..............................................
٢٤- دەمێكە ئەم ديوى ..............................
٢٥- خەونێكى ڕەش ..................................
٢٦- چراى رووناكيت .................................
٢٧- عەشقى نە زۆك ..................................
٢٨- خاچ و ئەوين .......................................
٢٩- چۆڕينى زام ........................................
٣٠- تەونۆكەى كۆچت ...............................
٣١- كىٚ وەك من .......................................
٣٢- لە يادت چوو ......................................
٣٤- ئەم جارە ئەگەر نيتەوە ............................
٣٥- بۆ بى وەفا .........................................
٣٦- بۆ ئەوكەسانەى گولٚ دە چينن ......................
٣٧- لە سێگۆشەى بەرمۆدەى حەزت ......................
٣٨- خالٚى سفر ..........................................
٣٩- ڕێگا ..................................................
٤٠- دووجەمسەرى جيا ....................................
٤١- لە دێرێكيان نوسراوى ..............................
٤٢- لە ڕگايەكى دوور ..................................